سەرۆك کەمار: پێویستە پلانێکی گشتگیر دابنرێت بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی دۆخی بەغدای پایتەخت

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید پشوازیکرد لە د.عەممار قەیسی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغداد و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کەمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ پەنجشەممە 2024-5-9 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کەمار جەختیکردەوە لە قەبارەی ئەو بەرپرسیارەتییەی لە ئەستۆی ئەنجومەنەکەدایە، کە خێی لە بەدواداچون بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و نوێکردنەوەی شوازی کارکردن لەپەناو زامنکردنی هەرچی زووی پشکشکردنی خزمەتگوزاری و دەستبەرکردنی مافی سەرجەم هاوواتیاندا دەبینەتەوە.

هەروەها سەرۆك کەمار جەختیکردەوە لەسەر پێویستی گرتنەبەری پلانی دروست و سودوەرگرتن لە شارەزایی نوودەوەتی و پیشێیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دەنە بەردەم کاری ئەنجومەنەکە، هەروەك گرنگی پکهەنانی لیژنەی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئامادەکراو بۆ هاریکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پێیوەندیدارەکان دوپاتکردەوە، لەمووەو سەرۆك کەمار ئاماژەیکرد بۆ پێویستی داشتنی پلانێکی گشتگیر بۆ پەرەپێدانی پایتەخت و باشترکردنی بارودۆخی، بەشێوەیەك کە شایستەی پێگەی مێژوویەکەی بێت.

سەرەك کەمار رایگەیاند، بەغداد پێویستی بە کار و هەوڵی زیاتر هەیە بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری و گرنگیدان بە شوێنە کەلەپوریەکان. هاوکات بەڕێزیان دوپاتیکردەوە، کە پێویستە دەست بە دیزاینکردنی باخە گشتیەکان بە شەهیدان بکرێت وەك رەزلەنانێك لە قوربانیدانیان.

هەر لە دیدارەکەدا، سەرەك کەمار جەختیکردەوە لە گرنگی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیریی لە وڵاتدا و رونیکردەوە، سەرکایەتی کەمار و ئەنجومەنی وەزیران و هەموو لایەنەکان گرنگی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری دەدەن، چونکە خاڵی دەستپێکی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژیە. هاوکات پێویستی گەیاندنی وێنەی راستەقینەی دەخی ئەرێنی عەراقی دوای چەندین ساڵ لە جەنگ و تیرۆر و گەمارەکان، دوپاتکردەوە.

سەرەك کەمار راشیگەیاند، دەرگاکانی سەرکایەتی کەمار کراوەن بە هاریکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا و پێشکێشکردنی هاوکاری یاسایی و تەکنیکی لەپێناو باشترکردنی دەخی بەغداد.

لە دیدارەکەدا، سەرەك و ئەندامانی ئەنجومەن باسیان لە پلانەکانی ئەنجومەن و ئەو ئامانجانەی کرد، کە روبەڕوویان دەبێتەوە لە چوارچێوەی کار و تەرخانکردنی بودجە و بەریککەوتنی دەسەڵاتەکانی نێوان ئەنجومەن و لایەنە پێیوەندیدارەکان و پێداویستییە خزمەتگوزاری و تەندروستی و پەروەردەییەکانی بەغداد.

لای خێیەوە سەرکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغداد دوپاتیکردەوە، کە هەموو هەوڵەک دەدەن بە باشترکردنی دەخی پایتەخت و هاووڵاتیان و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری. هەروەها ئامادەبوان پیزانینیان بە خەمخۆریی بەڕێز سەرەك کەمار دەربڕی، کە بەردەوام بایەخ بە ژیان و پێداویستییەکانی سەرجەم عەراقییەکان دەدات.